پۆلیسی سلێمانی تاوانبارێکی داواکراوی دادگای سلێمانی دەستگیرکردووە

بەپێی بڕیارێکی پۆلیسی سلێمانی ڕایگەیاند، مەفرەزەکانی بنکەی پۆلیسی زەڵایەنی سەر بە بەشی پۆلیسی شارەزوور تاوانبارێکیان دەستگیرکرد کە لەلایەن دادوەرەوەو بەپێی ماددەی 412/1 بەغیابی سزای شەش ساڵ زیندانیکردنی بۆ دەرکرابوو.

پۆلیسی سلێمانی ڕایگەیاندووە، دوای ئەوەی فەرمانی دەستگیرکردنی تاوانبارێک بەناوی (هـ، م، ن) لەلایەن دادگای تاوانەکانی سلێمانی گەیشتە پۆلیسی سلێمانی، دەستبەجێ هێزەکانی پۆلیس لێکۆڵینەوەو بەدواداچونەکانیان بۆ دۆزینەوەو دەستگیرکردنی تاوانبار دەستپێکرد، سەرەنجام توانرا تاوانباری ناوبراو لەلایەن مەفرەزەکانی بنکەی پۆلیسی زەڵایەنی سەر بە بەشی پۆلیسی شارەزوورەوە دەستگیربکرێت.

هەروەها هاتووە،تاوانبار بە بۆیاری بەڕێز دادوەر و بەپێی ماددەی 412/1 بەغیابی سزای شەش ساڵ زیندانیکردنی بۆ دەرکراوە.